National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان
## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

### شەشەم را پۆرت: گرفتی بینا تەندروستیەکان لە سنوری گەرمیان
### ئاداری 2018

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/4/2018

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



### بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2. کارنامەی یەکەکە
3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تارادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

### دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

### سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

**چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی هەشت ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی و کردنەوەی چەند یەکەیەکی رۆژنامەوانی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003 دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە یپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

1. دەستپێک.

2. بینا تەندروستیەکان لە ئیدارەی گەرمیان.

3. گرفتی بینای نەخۆشخانەکان.

- نەخۆشخانەی گشتی کەلار:

1. بونی پاڵەپەستۆیەکی زۆر لە هۆڵی پێشوازی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە.

2. حەوشەی نەخۆشخانەکە بوە بە شوێنی چاوەڕونی نەخۆش.

- نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی:

1. ئەو کێشانەی بەهۆی کۆنی و بچوکی نەخۆشخانەکەوە دروست بون.

- نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب:

1. نەبونی کۆگای تایبەت بەسیستەمی ساردکەرەوەی مەرکەزی ئیشبکات.

2. بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەناو بینای نەخۆشخانەکە بوەتە هۆکاری کەمبونەوەی شوێن.

- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار:

1. نەبونی پرسگە وکۆگای تایبەت لە بینای نەخۆشخانەکەدا.

2. ئەوگرفتانەی بەهۆی کەموکورتی لە دیزاینی بینای نەخۆشخانەکەوە دروستبون.

4. کێشەی بینا لە سەنتەرەکان.

5. کێشەی بینا لە مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان.

6. مەترسیەکانی نەبونی سیستەمی تاقیگە لەبینای تاقیگەی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان.

7. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی بینا لە گەرمیان.

## 1. دەستپێک:

بینای تەندروستی پایەیەکی تەندروستی گرنگە، بەڵام لە گەرمیان ئەم پایە گرنگە بەگوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە، زۆرینەی بیناکان کێشەی کۆنی و بچوکی روبەریان هەیە، ئەمەش وایکردوە هاوڵاتیان لە کاتی سەردانکردنیان توشی ناڕەحەتیەکی زۆر ببنەوە، هەروەها بەهۆی بچوکی شوێنەکان و زۆری ژمارە نەخۆش کە پاڵەپەستۆیەکی زۆر دروست دەکەن، ئەمە جگەلەوەی بینا تەندروستیەکان لە گەرمیان سیستەمی تەندروستی ئەوتۆیان تێدانیە چ لە هەیکەلی بیناکان چ لە تاقیگەکان و سیستەمەکانی ناوەڕۆی بیناکان، هەروەک رێژەی سەوزایش بەگوێرەی پێویستی بیناکان نیە.

## 2. بینا تەندروستیەکان لە ئیدارەی گەرمیان:

لە ئێستادا بە پێی ئامارەکان ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان نیو ملیۆن کەس زیاتر دەبێت، بەڵام تەنها (4) نەخۆشخانەی تێدایە، کەمی ژمارەی نەخۆشخانە و نەبونی سەرجەم بەشەکان لە مەڵبەندە تەندروستیەکان وای کردوە ژمارەی سەردانکەرانی (4) نەخۆشخانەکەی گەرمیان بە پێی ئامارەکانیان ببێتە زیاتر لە چەند هێندەی توانای خۆیان. لەگەڵ ئەمەشدا سەنتەرە تەندروستیەکان بینای تایبەت بە خۆیان نیە، لە ئێستادا لە بینای نەخۆشخانەی گشتی کەلاردان.

ژمارەی بینا تەندروستیەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بەم شێوەیەیە:

| بینای تەندروستی | ژمارە |
|---|---|
| نەخۆشخانە | 4 |
| مەڵبەندی تەندروستی | 12 |
| بنکەی تەندروستی | 52 لەگەڵ 3 بنکە کە داخراون |

بە پێیی بە دواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێیی گەرمیان، بەدەر لەم بینا تەندروستیانە (2) نەخۆشخانە لەگەڵ تاقیگەیەکی ناوەندی لە قۆناغی دروستکردندان، ئەوانیش نەخۆشخانەی تایبەتیی ددان لە کەلار ساڵی (2012) دەستکراوە، بەڵام بەهۆی وەستاندنی کارەکانیەوە تاوەکو ئێستا تەواو نەکراوە.

نەخۆشخانەی (100) قەرەوێڵەیی تایبەت بە منالان لە کەلار ساڵی (2013) دەست بە دروستکردنی کراوە، بەلام لە ساڵی (2014)ەوە کارەکانی وەستاوە، هەروەک تاقیگەی ناوەندی لە کفری لە ساڵی (2014) دەست بە دروستکردنی کراوەو ئێستا لە قۆناغی کۆتایی تەواو بوندایە.

## 1. گرفتی بینای نەخۆشخانەکان

### ا. نەخۆشخانەی گشتی کەلار

نەخۆشخانەی کەلار نەخۆشخانەیەکی گشتییە بیناکەی دەکەوێتە ناوەندی قەزای کەلار، نەخۆشخانەکە سیستەمێکی دیاری کراوی نەخۆشخانەی نیە لە ئێستادا کراوە بە (70) قەرەوێڵە، سەرەتا تەنها بنکەیەکی تەندروستی بوە لە ساڵی (1978) دا دروست کراوە، دواتر فراوان کراوەو کردویانە بە نەخۆشخانە، پاشان لە ساڵی (1996) بەشی چەپی نەخۆشخانەکە دروست کراوە. لە ئێستادا نەخۆشخانەکە سەرجەم بەشەکانی تایبەت بە نەخۆشخانەی گشتی تێدایە، بەلام بەهۆی نەبونی نەخۆشخانەی دیکە لە شارەکە و زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە قورساییەکی زۆر لە سەر نەخۆشخانەکەیە.

تەواوی بەشەکانی نەخۆشخانەکە لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو.

| ز | بەش | لق |
|---|---|---|
| 1. | ئیدارە | کارگێڕی، ژمێریاری، خۆیەتی، ئامار، بەشی تۆمار، بەشی بڕینی بلیت بۆ بینینی پزیشک. |
| 2. | راوێژکاری | پزیشکی: منالان، هەناوی، چاو، نەشتەرگەری، گشتی، ئێسک و شکاوی..... |
| 3. | نەشتەرگەری | هۆڵی نەشتەرگەری. |
| 4. | کۆگاکان | کۆگای دەرمان، کۆگای پێداویستی رۆژانە، کۆگای ئامێرە پزیشکیەکان. |
| 5. | تاقیگە | بایۆکیمستری، هیماتۆلۆجی، سیرۆلۆجی، پاراسایتۆلۆجی، بکتریۆلۆجی، هۆرمۆنات، ڤایرۆسات. |

| | | |
|---|---|---|
| 6. | دەرمانخانە | دەرمانخانەی ناوخۆ، دەرمانخانەی راوێژکاری، دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژ خایەنەکان. |
| 7. | چارەسەری سروشتی | چارەسەری سروشتی |
| 8. | دەرزیلێدان | بەشی دەرزیلێدانی (ژنان و پیاوان) |
| 9. | تیشک | تیشک و سۆنار. |
| 10. | کۆمەڵێک بەشی دیکە | وەک: پەستانی خوێن، پێوانی لێدانی دڵ..... |

وریا محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بە چۆنیەتی دروستکردنی نەخۆشخانەکە دەکات و دەڵێت: "نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بینایەکی کۆنە سەرەتا بنکەیەکی تەندروستی بوە دواتر فراوان کراوە کردویانە بە نەخۆشخانە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتەی کەلار، تاکە نەخۆشخانەش بوە لە کەلاردا کۆی بەشەکانی تێدا بوە (منداڵبون، نەشتەرگەری و راوێژکاری.....هتد)، دواتر فراوانتر کراو لەساڵی (2000) ئەم بینایە کرایەوە کە بەشی چەپی ئێستای نەخۆشخانەکەیە".

وتیشی: "پاش ئەوەی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دروست کرا، بەشی ژنان و منداڵبونی ئێرە گواسترایەوە بۆ ئەوێ، لە دوای ئەوەوە هەمو بەشەکانی دیکەی نەخۆشخانەکە لە هەمان بینا ماوەتەوە تاوەکو ئێستا".

دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە ژمارەی دانیشتوانی کەلار نزیکەی (100) هەزار کەس بوە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە سێ هێندەی ئەو رێژەییەی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بەدەر لە دانیشتوانی کەلار نەخۆشەکانی ناوچە دابڕێنراوەکانیش رودەکەنە هەمان نەخۆشخانە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە رویکردۆتە ناوچەکە، بەمەش نەخۆشخانەکە روبەڕوی ئەرکێکی قورس بۆتەوە.

ئەرکان محەمەد، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "بینای ئەم نەخۆشخانەیە کاتێک دروستکراوە کە ژمارەی دانیشتوانی کەلار کەمبوە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (300) هەزار کەس زیاتر دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا رۆژانە بە رێژەی 25% نەخۆشەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانیش دێنە نەخۆشانەی گشتی کەلار، دەتوانین بڵێین ژمارەی سەردانکەرانی ئێستای نەخۆشخانەکە بەرامبەرە بە ژمارەی دانیشتوانی ئەوکاتەی کەلار کە نەخۆشخانەکەی تێدا دروستکراوە".

## 1. بونی پاڵەپەستۆیەکی زۆر لە هۆڵی پێشوازی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە

کۆنی و ناڕێکی بینای نەخۆشخانەی گشتی کەلار ئاستەنگی زۆری بۆ سەردانکەرانی دروستکردوە، چونکە دیزاینی بیناکە دیزاینێکی کۆنە و توانای بەرێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەردانیکەرانی نیە.

وریا محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بە بارودۆخی نەخۆشەکان دەکات لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بەهۆی خراپی بینای نەخۆشخانەکەوە و دەڵێت: "نەخۆش کە دێتە نەخۆشخانەی گشتی لە هۆڵێکی بچوک کە پاڵەپەستۆیەکی زۆری تێدایە دەوەستێت بۆ بینینی دکتۆر، نەبوە لە هەمو دونیا ئەگەر بە روبەر حسابی بکەین ژوری بینینی نەخۆش لە شوێنی چاوەڕوانی نەخۆش فراوانتربێت، ئەمە بە هیچ ستاندارد‌ێک ناگونجێت".



**دیمەنێک لە هۆڵی پێشوازی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

بە پێی وتەکانی جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە لە بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار 11 ژور هەیە، هەر ژورێک ئەگەر (3*4) بێت دەکاتە 132 مەتر، ئەمەش لەو روبەرە زیاتر دەکات کە نەخۆشەکان تێیدا دەوەستن کە (100) مەترە.

لەم دایەگرامە زیاتر رونکراوەتەوە:




جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وریا محەمەد، ئاماژەی بەوەشکرد: "لە کۆی وەستانی (100م) روبەردا ئەگەر رۆژانە کەمترین رێژەی سەردانکەر وەربگرین کە (600) نەخۆشبێت، ئەوا دەبێت (600) کەس بە پێوە بوەستن لە ئیستشاری بەیانیاندا واتا لە یەک مەتر دەبێت شەش کەس بوەستن".

لە هۆڵەکانی پێشوازی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار نەخۆشەکان روبەڕوی تەنگە نەفەسی دەبنەوە لە دەرئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆ زۆرەی کە بەهۆی زۆری ژمارەی نەخۆشەکان بچوکی و کۆنی بیناکان و نە گۆڕینی هەوای هۆڵەکان بە هەواگۆرکێ دروست دەبێت.

ئامینە رەشید، ژنێکی بەتەمەنە، یەکێکە لە نەخۆشەکانی چاو، لە هۆڵی پێشوازی و چاوەڕوانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بەم شێوەیە باسی چاوەڕوانی کرد لە شوێنی پێشوازی نەخۆشەکان: "لە کاتژمێر (7:30) هاتومەتە ئێرە چاوەڕێم کردوە تاوەکو دەرگا کراوەتەوە، ئێستا کە نزیکی (3) کاتژمێرە لە چاوەڕوانیم هێشتا نەگەشتۆتە سەرەی من، بە درێژای ئەم ماوەیەش لەسەر ئەم زەویە ساردە دانیشتوم یان وەستاوم بە پێوە هیچ کورسیەکی لێنیە تاوەکو ئێمە لەسەری دابنیشین هیچ نەبێت کورسی دابنرێت بۆمان چونکە زۆربەمان بە تەمەنین پشتمان دێشێت".

دەشڵێت: "کەس خەمی نەخۆشخانەو نەخۆشەکانی ئێرەی نیە".



**دیمەنێک لە هۆڵی پێشوازی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، وریا محەمەد، ئاماژەبەوەدەکات کە نەخۆش دێتە نەخۆشخانەکە بە نەخۆشینێکی دیکەوە دەڕواتەوە "ناکرێت نەخۆشێک بۆ چارەسەر دێتە ئێرە ئێمە بە نەخۆشیەکی دیکەوە بینێرینەوە لەبەر ئەمە هەندێک کێشەی بینا کە ئێمە دەیزانین رەنگە خەڵک هەر پەی پێ نەبات".

دەشڵێت: "یەکێک لە بنەماکانی شوێنی چارەسەری نەخۆش ئەوەیە کە ژینگەیەکی تەندروست بێت ئەگەر نەخۆشیەکی گواستراوە هەبێت وارده کەسەکانی دیکەی نزیکی توشببن، ئەمانەشمان بە هەمو ئەوانە وتوە کە بەرپرسن، بەڵام وەک دەیبینین تا ئێستا هەر بەم شێوەیە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش باسیلەوەکرد "هەنگاوی خێرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دروست کردنی بینایەکە بۆ بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە".

جەختیشیکردەوە کە هەوڵدراوە بۆ دروستکردنی، بەڵام نەگەشتۆتە ئەنجام "پێش ساڵێک وەزیری تەندروستی هاتە ئێرە پێی وتین بینایەکی راوێژکاری (استشاری) دروست بکەن بە 50 ملیۆن دینار، من پرسم کرد کە بە پەنجا ملیۆن تەواو ناکرێت."

## 1. حەوشەی نەخۆشخانەکە بوە بە شوێنی چاوەڕوانی نەخۆش

لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار حەوشەی نەخۆشخانەکە رۆڵی شوێنی چاوەڕوانی دەبینێت بۆ ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەکە دەکەن، ئەمەش لەبەر نەبونی شوێن لە بینای نەخۆشخانەکە.

بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەکە یەکێکە لەو بەشانەی کە لەبەر نەبونی شوێن لەناو بەشەکەدا نەخۆشەکانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینەکانیان ناچار لە حەوشەی نەخۆشخانەکە دەوەستن و چاوەڕوان دەبن.

ئەیاد محەمەد، بەرپرسی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات کە هیچ شوێنێکیان نیە بۆ چاوەڕوانی نەخۆش و دەڵێت: "نەخۆشەکان لە تاقیگە لەدوای وەرگرتنی نمونە (سامپڵ) بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینەکانیان ناچار دەبێت لە حەوشەی نەخۆشخانە چاوەڕوانبن".

بەهامانشێوە لە بەشی دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە نەخۆشەکان بۆ وەرگرتنی دەرمان و چارەسەرەکانیان دەبێت لە حەوشەی نەخۆشخانەکە بوەستن.



**دیمەنێک لەچاوەڕوانی نەخۆش لە حەوشەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

سنور ئەحمەد، دایکی منداڵێکی نەخۆشە، باس لە چاوەڕوانیان دەکات لە بەردەم بەشی دەرمانخانە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار بۆ وەرگرتنی چارەسەرەکانیان، دەڵێت: " لێرە ئێمە بەدەر لە چاوەڕوانی بینینی دکتۆر دوبارە دەبێت بۆ وەرگرتنی چارەسەرەکان بە پێوە بوەستین، ئەگەر کەسێکی ساغیش بێتە ئێرە نەخۆش دەکەوێت چ جا نەخۆش، بە هاوین و زستان نەخۆش دەبێت لەم حەوشەیا چاوەڕێبکات".

وتیشی: "بە پاڵەپەستۆ و هیلاکی تاوەکو سەرەمان دێت کە پسوڵەکەشمان لێوەردەگرن سەیر دەکەین زۆربەی دەرمانەکان لێرەنیەو بۆ دەرەوە دەینوسن".



**دیمەنێک لەچاوەڕوانی نەخۆش لە پێش دەرمانخانەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

وریا محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژەبەوە دەکات کە وەستانی نەخۆش لەناو حەوشەی نەخۆشخانەکە، کێشەیەکی تری بیناکەیە کەنەخۆشەکان باجەکەی دەدەن و دەڵێت: "یەکێک لەو ناڕەحەتیانەی کە نەخۆش لێرە توشی دەبێت، نەبونی شوێنی چاوەڕوانیە لە بەشی تاقیگە، لەبەر هەتاو و باران دەوەستن لە کاتێکدا لە وەرزی هاوین پلەکانی گەرمای کەلار سەرو (45) پلەی سەدیە، هەرچەن کەپرێکیشمان بۆ کردون، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین لەژێر ئەو کەپرە دا هەر شوێنی 20 کەس دەبێتەوە".

وتیشی: "لەبەرامبەریشدا ناکرێت من بەم بیانوانە کارەکانی ئەم بەشە رابگرم، چونکە ئەو فەحسانە لێرە بە دو پسولەی (500) دیناری دەکرێت لەدەرەوە بە پارەیەکی زۆر بۆیان دەکرێت بەم قەیرانە".

**ب . نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی**

نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی نەخۆشخانەیەکی گشتییە، دەکەوێتە قەزای کفریەوە، دروست کردنی بیناکەی دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای سالآنی هەشتای سەدەی رابردو، سیستەمی نەخۆشخانەکە (25) قەرەوێڵەیە و بەشەکانی پێکهاتوە لە: (راوێژکاری، فریاکەوتن، هۆڵی نەشتەرگەری، هۆڵی منالبون، تاقیگە، کۆگا، دەرمانخانە، کارگێڕی و ژمێریاری....)، هەروەها تاکە نەخۆشخانەیە لە قەزای کفری.

**1. ئەو کێشانەی بەهۆی کۆنی و بچوکی نەخۆشخانەکەوە دروست بون**

پێش ئەم نەخۆشخانەیە لە قەزای کفری نەخۆشخانەیەک و بنکەیەکی تەندروستی تێدا هەبوە، بەڵام ئێستا ئەم نەخۆشخانەیە تاکە نەخۆشخانەیە لە قەزاکە، کۆنی و بچوکی بیناکە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەخۆشەکانی ناوچەکە بەگوێرەی پێویست سود لە نەخۆشخانەکە نەبینن.

نەخۆشخانەکە کاتێک دروستکراوە رێژەی دانیشتوانی ئەوکاتە بە بەراورد بە ئێستا زۆر کەم بوە، بەپێی ئامارەکانی ساڵی (2015) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (49) هەزار کەسە.

بەرێوبەری کارگێری، نەخۆشخانەکە حسێن شاکر، باسلەوەدەکات: "نەخۆشخانەکە لەسەر سیستەمی کۆن دروست کراوە، لەکاتێک دروست کراوە ژمارەی دانیشتوانی کفری (6) هەزار کەس بون، بەڵام ئێستا ژمارەی دانیشتوان چەند هێندەی ئەوکات بۆتەوە کەچی ئێمە هەر هەمان بینامان هەیە".

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "نەخۆشخانەکە لە ئێستادا بەگشتی سێ بەشی سەرەکی تێدایە ئەوانیش: "راوێژکاری، فریاکەوتن لەگەڵ منالآن".

بچوکی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە وایکردوە نەخۆشەکان توشی پاڵەپەستۆببن لە کاتی چاوەڕوانی بینینی پزیشک.

بەرێوبەری کارگێری، نەخۆشخانەکە دەڵێت: "راڕەوەکانی چاوەڕوانی (2) مەترن نەخۆش دەبێت لەو مەسافەیە بوەستێت بۆ ئەوەی پزیشک بیبینێت ژمارەی سەردانیکەرانی رۆژانە لە (15) کەسەوە بۆ (400) کەس دەبێت".

دەربارەی هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی نەخۆشخانەکە، حسێن شاکر، وتی: "لە ماوەی پێشوتردا ئەم کێشەیەمان گەیاندوە بە سەروی خۆمان، دواتر بۆ چارەسەرکردنی بڕیاری دروستکردنی بەشی راوێژکاریەکی نوێدرا لە نەخۆشخانەکە شوێنی بۆ دیاریکراو تەندەریشی بۆ دەرچو لە ساڵی (2013)، بەڵام بە بیانوی قەیران نەچوە بواری جێبەجێکردنەوە".

سیستەمەکانی ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکە بەشێوەی چاڵ دروست کراوەو هێشتا نەکراوەتە ئاوڕۆ.

حسێن شاکر، دەربارەی ئەمە رونیکردەوە: "ئاوەڕۆکانی بەشێوازی کۆنە واتە چاڵی تێدا بەکار هاتوە، هەروەها لە بەر ئەوەی سیستەمی ئاوەڕۆی بەشێوەی نوێ بۆ گەڕەکاکانی دەوروبەری نەخۆشخانەکە بەکار هاتوە، هەندێکجار ئەو بەشانەی کە سەر بە ئاوەڕۆکەیە دەگیرێت".

وتیشی: "بیناکەمان لە روی رێژەی سەوزایەوە باشە".

**ت . نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب:**

ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە ژنان ومناڵبون بینای نەخۆشخانەکە لە کەلار ساڵی (2004) دەست بە دروستکردنی کراوە و لە ساڵی (2010) کراوەتەوە، نەخۆشخانەکە بە گوێرەی سەردانیکەرانی بچوکە، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر نەبونی بینای تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە قەزای کەلار کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، تەندروستی گەرمیان لە بینای نەخۆشخانەی شەهید شیرەی نەقیب کارەکانی بەڕێدەکات.

لە ئێستادا نەخۆشخانەکە پێکهاتوە لە (16) بەش، کە تەواوی بەشەکان لەم خشتەیەدا رونکراوەتەوە.

| ز | بەشەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب |
|---|---|
| 1. | هۆڵی منداڵ بونی سروشتی |
| 2. | هۆڵی نەشتەرگەری سارد و گەرم |
| 3. | قاوشی ژنان |
| 4. | تاقیگە |
| 5. | راوێژکاری بەیانیان |
| 6. | سۆنار |
| 7. | دەرمانخانە |
| 8. | دەرزی لێدان و هێڵکاری دڵ |
| 9. | کارگێڕی |
| 10. | خۆیەتی |
| 11. | ئامار |
| 12. | ژمێریاری |
| 13. | کۆگای ئامێری پزیشکی و کەل و پەل |
| 14. | دۆسیەکان "فایلات" |
| 15. | ئێشکگری کارگێری |
| 16. | ئێشکگری دەرمانخانە |

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "بیناکە لە روی دروستکردن و دیزاینەوە تاڕادەیەک گونجاوە رێژەی سەوزایی بیناکەش زۆرباشە، بەڵام بچوکە بەگوێرەی سەردانکەرانی، چونکە ناوچەکە رێژەی دانیشتوانی زۆر زیادی کردوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئاوارە هاتونەتە ناوچەکە".

جگە لەم بەشانەی کە ئێستا لە نەخۆشخانەکەدا کراوەتەوە، نەخۆشخانەکە پێویستی بە چەند بەشێکی گرنگی دیکە هەیە کە تێیدا بکرێتەوە. وەک گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "نەخۆشخانەکە هەمو بەشەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵبونی تێدا نیە، ئەو بەشانەی کە نەقسن زۆرن، بەڵام چەن بەشێکی گرنگ هەیە کە پێویستە بکرێنەوە لە نەخۆشخانەکەدا".

لە بارەی ئەو بەشانەی لە نەخۆشخانەکە نەکراونەتەوە و پێویستن، گۆران محەمەد، وتی: "بەشەکانی فریاکەوتنی ژنان، لەبەر ئەوەی ئەم بەشەمان نیە هەمو حاڵەتەکان سەردانی بەشی هۆڵی منداڵبونی سروشتی ئەکەن، بەشی چاودێری ورد کە دوای نەشتەرگەری دەبێت ئەو بەشەی هەبێت کە لە نەخۆشخانەکەماندا نیە تەنها قاوشی ژنان هەیە بۆ چاودێری دوای نەشتەرگەری، لەگەڵ بەشی منداڵی نەبەکام (خدج) کەلە ئێستادا لە بەرنامەدایە بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی پزیشکی منالان و نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو (مقیم) و پزیشکی نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم) ناتوانرێت بکرێتەوە".

## 1. نەبونی کۆگای تایبەت کە بەسیستەمی ساردکەرەوەی مەرکەزی ئیشبکات

یەکێک لە بەشەکانی نەخۆشخانەکان کە لەکاتی دروستکردنیان گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، کۆگایە. نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبیش بەهەمان شێوە روبەڕوی ئەم گرفتە بۆتەوە، ئەو شوێنەی کە دەرمان و کەلوپەل و ئامێرە پزیشکیەکانی تێدایە بە پێی سیستمی کۆگای نەخۆشخانە دروست نەکراوە.

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت:"نەخۆشخانەکە کۆگای گەورەی نیە بۆ دەرمان و پێداویستی پزیشکی کە بەسیستەمی ساردکەرەوەی مەرکەزی ئیش بکا بۆ راگرتنی پلەی گەرمی دەرمان وپێداویستیە پزیشکیەکان".

وتیشی: "زۆربەی شتەکان کۆکراوەتەوە لە شوێنک کە هیچ پێوەرێکی کۆگای تێدا نیە".

## 2. بینای بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەناو بینای نەخۆشخانەکە بوەتە هۆکاری کەمبونەوەی شوێن

لە کاتی گواستنەوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخانەوە بۆ سەنتەری ئیدارەی گەرمیان تاوەکو ئێستا هیچ بینایەک دروست نەکراوە لە کەلار بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی، ئەمە لە کاتێکدا بینای بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخان دروست کراوە، دروستکردنی بینای بەڕێوبەرایەتیەکەش هاوکات بوە لە گەڵ گواستنەوەی بەڕێوبەرایەتیەکان لە قەزای دەربەندیخانەوە بۆ قەزای کەلار کە بە سەنتەری ئیدارەی گەرمیان دیاریکراوە.

نەبونی بینای تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە کەلار وایکردوە بەڕێوبەرایەتیەکە لەناو بینای نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بێت کە تایبەتە بە ژنان و مناڵبون، ئەمەش بوەتە هۆکار لە کەمبونەوەی شوێنی پێویست بۆ نەخۆشخانەکە، هەروەها بوەتە هۆکاری قەرەباڵەغیەکی زۆر لە نەخۆشخانەکە، بەدەر لەمانەش بونی ژمارەیەکی زۆری کابینەی تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی بۆتە هۆی داگیرکردنی بەشێکی سەوزای نەخۆشخانەکە.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "هەبونی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەناو بینای نەخۆشخانەکە گرفتێکی زۆری بۆ دروست کردوین، لەوانە: بەرتەسککردنەوەی شوێنی نەخۆش و کارمەندانی نەخۆشخانەکەمان هەروەها قەرەباڵغی دروست کردن لەناو بیناکە دا".

بۆ چارەسەرکردنیشی ئاماژەی بەوەکرد: "بە نوسراو ئاراستەی دیوانی بەڕێوبەرایەتیمان کردوە، هەروەها نوسراوی وەزارەت هەیە بۆ چۆڵکردنی ئەو بەشەی بینای نەخۆشخانەکە، بەڵام هەرجارە و بە بیانویەک بۆمان چۆڵناکەن".

### پ. نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار

ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە حاڵەتی فریاکەوتن، ماوەی دەوامکردن تێیدا (24) کاتژمێرییە، بینای نەخۆشخانەکە ساڵی (2009) دەست بە دروستکردنی کراوە و لە ساڵانی (2011-2012) کراوەتەوە، بیناکەش لەچاو زۆری سەردانیکەرانی و نەبونی چەند بەشێکی گرنگ و تایبەت تێیدا، بەپێی پێویستی ناوچەکە نیە.

لەبەر نەبونی بنکە و مەڵبەندی (24) کاتژمێری ناچار هاوڵاتیان بۆ هەمو جۆرەکانی نەخۆشی دوای کاتی دەوامی نەخۆشخانە و مەڵبەندەکان رودەکەنە نەخۆشخانەی شەهید هەژار، ئەمەش لۆدێکی زۆری لەسەر نەخۆشخانەکە دروست کردوە.




## 1. نەبونی پرسگە و کۆگای تایبەت لە بینای نەخۆشخانەکەدا

یەکێک لە پێویستیە گرنگەکانی نەخۆشخانە بونی کۆگای تایبەتە بە دەرمان و کەلوپەلەکانی نەخۆشخانەکە بۆ پاراستنیان لە ژینگەیەکی تەندروست، بەڵام نەخۆشخانەی شەهید هەژار هیچ کۆگایەکی تێدا نیە ئەمەش بوەتە گرفت بۆ نەخۆشخانەکە.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "یەکێک لە کەموکورتیە زۆر گەورەکانی ئەم نەخۆشخانەیە نەبونی کۆگایە لە ناو بیناکە هیچ شوێنێکمان نیە بۆهەڵگرتنی دەرمان و کەلوپەلەکانی نەخۆشخانەکە ئەوانەی کە هەیە خۆمان شوێنێکمان بۆ جیاکردوەتەوە".

هەروەها وتیشی: "تەنانەت شوێنی دەرمان خۆمان لەناو نەخۆشخانەکە جیامان کردوەتەوە و دروستمان کردوە، لەبەر ئەوە ناتوانین دەرمانی زۆر خەزن بکەین بۆ هەندێک حاڵەت توشی کێشە دەبین بەو هۆیەوە".

بەشێکی تر لە کێشەی بینای نەخۆشخانەکە نەبونی پرسگەیە لە ناو بیناکە ئەوەی هەیە تەنها کابینەیەکە بەمەش هیچ شوێنێکی پشودانی گونجاوی تێدانیە بۆکارمەندەکانی پۆلیس.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، باس لە گرنگی پرسگە دەکات کە لە بینای نەخۆشخانەکەدا بونی نیە "بینای نەخۆشخانەکە پرسگە (استعلامات)ی نیە، پرسگەکەی دەبێت شوێنی پشودانی هەبێت، شوێنی W.C هەبێ بۆ پۆلیسەکان، لە هەمو شوێنێک دا ئەوە هەیە کەچی ئێمە ئەوەمان نیە، هەموی کابینەیە".

## 2. ئەو گرفتانەی بەهۆی کەموکورتی لە دیزاینی بینای نەخۆشخانەکەوە دروستبون

یەکێک لە کێشەکانی بینای نەخۆشخانەکانی گەرمیان نەبونی سیستەمی نەخۆشخانەیە، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی روبەڕوی ئەم گرفتە بوەتەوە، نەخۆشخانەکە هۆڵی پێشوازیی بچوکە و هەروەها شوێنی تایبەت بە بەشە جیاجیاکانی تە لەنەخۆشخانەکەدا نییە. لەبەر ئەم هۆیەش ئیدارەی نەخۆشخانەکە بە ناچاری هەندێک لە بەشەکانیان تێکەڵ کردوە.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، ئاماژە بەوەدەکات کە هۆڵی پێشوازی نەخۆشخانەکە بۆ 10 ساڵ پێش ئێستای کەلار باشە نەک ئێستا "ژوری پێشوازی نەخۆشخانەکە بچوکە لەچاو کەلار و روداوەکانی ناوچەکە، ئەوەی کە دروست کراوە بۆ ئێستا باش نیە بەڵکو بۆ 10 ساڵ پێش ئێستا باشبوە".

باسیلەوەشکرد: "کێشەیەکی دیکە نەبونی شوێنی جیا و تایبەتە بە بەشەکانی نەخۆشخانەکە، لەبەر ئەم کێشەیەش لە هەندێک لە شوێنەکان دو بەشمان لەیەک شوێن داناوە هەروەها ژورە ئیداریەکانیش وەک پێویست نین".

لە دروستکردنی سیستەمی ئەندازەیی ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکەش پەیرەوی ئەوە نەکراوە کە جیاواز و تایبەت دروست بکرێت.

هەڵگورد محەمەد، وتی: "ئاوەڕۆکەی ئەو بۆریانەی بۆی دانراوە بەگوێرەی پێویست نیە، چونکە نەخۆشخانەیەکی گەورە دەبێت ئاوەڕۆکانی باش بێتم بەڵام ئەمەی ئێمە زۆرجار دەگیرێت، ئاوی نەخۆشخانەکەش دیاریکراو نیە هەر رۆژە و لەسەر جۆرێکە".

سەبارەت بە رێژەی سەوزایی بیناکە جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "رێژەی سەوزاییمان سنوردار و کەمە، بۆ چارەسەری ئەمە لەئێستادا هەندێک پارەی خۆمان و هەندێک پارەی کەسانی خێرخواز هەستاوین بە دروستکردنی سەوزایی کە لەم ماوەیەی نزیک دا تەواو دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد "لە ئێستادا بەگشتی بینایەکە لە ئاستی پێویستدا نیە، دەبێت کاتێک بیناییەک دروستدەکرێت بەلای کەمەوە حساب بۆ 10 ساڵ یا 15 ساڵ دواتر بکرێت هەرچەندە ئەم بینایە کە دروست کرا لە پارەیەکی ماوە دروستکرا واتا ئەوە نەبوە تایبەت پارەی بۆ دابینکرابێت".

وتیشی: "باشتر وایە لە کاتی دروستکردنی بینای نەخۆشخانەکان، جگە لە ئەندازیار کۆمەڵێک کەس لە بواری تەندروستیدا لەوی بونیان هەبێت، پێموانیە کاتی خۆی بۆ دروست کردنی ئەم بینایە لیژنەی تەندروستی لێ بوبێت ئەگەرنا بیناکە بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبو".

بە پێیی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێیی گەرمیان دیزاینی بینای نەخۆشخانەی شەهید هەژار، لە بەشی ئەندازیاری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانیەوە نێردراوەو بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، نەیانتوانیوە گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەن.

## 4. کێشەی بینا لە سەنتەرەکان

ژمارەی سەنتەرەکانی گەرمیان (4) سەنتەرە (سەنتەری ددان، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، سەنتەری تیشک، لەگەڵ سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەرونی)، بەڵام لە گەرمیان بەهۆی نەبونی بینای تایبەتەوە سەنتەرەکان لە ناو بینای نەخۆشخانەی گشتیدان، ئەمەش بۆ سەنتەرەکان و بۆ نەخۆشخانەکەش بوەتە گرفت، چونکە سەنتەرەکان هیچ پەیوەندیەکیان بە نەخۆشخانەوە نیە لەڕوی بینا و ئیدارەدانیشەوە.

ئەرکان محمەد رەشید، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەڵێت: "سەنتەر بەشێک نیە لە نەخۆشخانە بەشێکی سەربەخۆیە، دەبێت بینای سەربەخۆیان هەبێت بەدەر لە نەخۆشخانە راستەوخۆ سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی بێت، نەک بەم شێوەیە بونەتە هۆی داگیرکردنی بەشێکی نەخۆشخانەکە و قەرەباڵەغ کردنیشی".

لە ئێستادا زۆربەی کێشەکان وابەستە دەکرێن بە قەیرانی داراییەوە، بەڵام لە کاتێکدا ئەم سەنتەرانە کراونەتەوە لەناو بینای نەخۆشخانەی گشتی کە قەیرانی دارایی بونی نەبوە.

لەم بارەیەوە بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە ئاماژەبەوەدەکات هۆکاری ئەمە خراپی ئیدارەدانی ئەوکاتە بوە "ئەوکات ئەم سەنتەرانە دروستکراون لە ناو نەخۆشخانەکە قەیران نەبوە بەڵکو ئیدارەی باش نەبوە پلان نەبوە بێ پلانی بوەتە کێشە بۆ هەموشتێک لەم وڵاتە".

لەگەڵ ئەمەشدا سەنتەرەکان بەهۆی گیروگرفتی بیناوە روبەڕوی چەندین کێشە بونەتەوە بەتایبەت نەبونی شوێن بۆبەشەکانی سەنتەرەکان.

کاروان محەمەد، لێپرسراوی کارگێڕیی لە سەنتەری تیشک، دەڵێت: "سەنتەرەکە هیچ هۆبەیەک یان بەشێکی تێدانیە تایبەت بە دەرمانخانە، ئامار، ژمێریاری لەگەڵ کۆگا (مخزن) کە زۆر گرنگە چونکە کەلوپەلەکان دەبێت شوێنی تایبەتی خۆیان هەبێت".

وتیشی: "هەروەها پێویستمان بە پرسگە و شوێنی پۆلیسە لە پێش سەنتەرەکە چونکە گرنگە بۆ سەنتەرەکە و پاراستنی".

یەکێکیتر لە سەنتەرەکان سەنتەری ددانە، لەساڵی (2010) کراوەتەوە لە بینایەکی کۆندایە کە پێشتر هۆڵی نەشتەرگەری بوە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار.

د.ئەرکان محەمەد ئەمین، بەڕێوەبەری سەنتەری ددان، دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک بیناکە بۆ سەنتەری ددان گونجاو نیە، بەڵام ئێمە گونجاندومانە لەبەر ناچاری چونکە شوێن نیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمو بەشەکانی تایبەت بە ددانی تێدایە، بەڵام بە گوێرەی پێویست نیە، بە پێی ئاماری سەردانکەران بێت ئێمە پێویستمان بە نەخۆشخانەیە".




**دیمەنێک لە ژوری بینینی نەخۆش لە سەنتەری ددان لە کەلار**

وتیشی: "هەمومان چاوەڕوانی ئەو نەخۆشخانەین کە تایبەتە بە ددان و کارەکانی تاوەک ئێستا (70%) تەواو بوە".

بەدەر لە کۆنی بیناکان نەبونی سیستەمی سەنتەر تێیاندا، نەبونی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ بانگکردنی نەخۆش لە ناو بیناکان هێندەی تر نەخۆشەکانی لە گەرمیان وەڕەس کردوە پێیان وایە بەهۆیەوە پاش و پێش لە ریزبەندی چونەژورەوەیان دەکرێت.

د.ئەرکان محەمەد ئەمین، بەڕێوەبەری سەنتەری ددان، دەڵێت: "دەبێت هەر دکتۆرێک هۆڵێکی پێشوازی و چاوەڕوانی تایبەت بە نەخۆشی خۆی هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەبەر ئەوەی سیستەمی بانگکردنی نەخۆش ئەلیکترۆنی نیە ئەمەش بوەتە هۆکاری ئەوەی کە فەوزایەکی زۆر لە هۆڵەکانی پێشوازی دروست بێت و نەخۆشەکان توشی کێشە ببن".

## 6. کێشەی بینا لە مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان

لە ئێستادا (12) مەڵبەندی تەندروستی و (52) بنکەی تەندروستی لە گەرمیان بونی هەیە، کە هەندێکیان لە لایەن رێکخراوە بیانیەکانەوە دروست کراون، مەڵبەند وبنکە تەندروستیەکان رۆژانە بەهۆی کۆنی بیناو نەبونی بەشە تایبەتەکان لە بیناکانیان توشی گرفت دەبنەوە.

غالب غەفور، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی بەختیاری لە خانەقی، ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ زۆربەی پیداویستیەکانیان رێکخراوە بیانیەکان هاوکاریان کردون "لە ساڵی (2008) بە هاوکاری رێکخراوی مێرسیکۆ ئەم مەڵبەندە کراوەتەوە هەروەها بەدەر لەمە رێکخراوەکان زۆر هاوکار بون بۆ پێداویستیەکانمان".

دەربارەی ژمارەی سەردانکەرانیش وتی: "پێشوتر رۆژانە نزیکەی (70) نەخۆش سەردانی دەکردین، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبونی دەرمانەوە ژمارەی سەردانکەران کەمی کردوە".

دەربارەی کێشەی بیناکەشیان وتی: "سیستەمی هەواگۆڕکێی ناو بیناکە بەگوێرەی پێویستی مەڵبەندەکە نیە، هیچ برە سەوزایەکیشی تێدا نیە ئەوەشی کە هەیە سروشتیە".

زانیار جەلیل، بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سیروان لە خانەقی، بە هەمانشێوە ئاماژەی بە نەبونی رێژەی سەوزایی لە مەڵبەندەکەیان دەکات "تەنها دارێکیشمان نیە لە مەڵبەندی سیروان"

وتیشی: "لە ساڵی (2016) بە هاوکاری ڕێکخراوی کەنز ئەم مەڵبەندە کراوەتەوە، تەنها دو بەشی تێدایە، لە چاو پێشوتر سەردانی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکامان زۆر کەمی کردوە بەهۆی نەبونی درمانەوە".

ئەو باسی کەموکورپیەکانی مەڵبەندەکەیانی بەمشێوەیە کرد: "مەڵبەندەکەمان تەنها دو بەشی تێدایە دەرمانخانە وبەشی ددان، لە کاتیکدا زۆر پێویستمان بە بەشی تاقیگە ، ژوری تیشک، پشکنینی چاو هەیە لەگەڵ پزیشکی گشتی بۆ مەڵبەندەکە، چونکە بەمشێوەیەی ئێستا کە هەیە سودێکی زۆری نیە".

عەبدولڕەحمان رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا، دەڵێت :"بیناکەمان زۆر کۆنە هیچ تایبەتمەندیەکی مەڵبەندی تەندروستی تێدا نیە".

## 6. مەترسیەکانی نەبونی سیستەمی تاقیگە لەبینای تاقیگەی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان

تاقیگەکانی نەخۆشخانەو مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان سیستەمی تاقیگەی ستانداردیان نیە، ئەمەش مەترسی دروستکردوە لەسەر گیانی کارمەندان و نەخۆشەکان وسەردانکەران.



**ژوری تاقیگە (Lab)ی هیماتۆلۆجی لە بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

دڵشاد مەحمود، یاریدەدەری تاقیگە لە بەشی هیماتۆلۆجی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: "لەبەر نەگونجاوی بینای بەشەکەمان هیچ شوێنیکی گونجاوی نیە بۆ پێشوازی نەخۆشەکان، لە سیستەمی تاقیگە نابێت نەخۆش بێتە ژورەکانی تاقیگە واتە لە شوێنی پێشوازی نمونەی لێوەربگیرێت بۆ شیکاری بەلام لێرە وانیە".

وتیشی: دەبێت سیستەمی تاقیگەی پزیشکی دەبێت داخراوبێت و سیستەمی ئاوەڕۆی تایبەتی هەبێت لەگەڵ کورەی تایبەت بۆ سوتاندنی مەوادە بەکارهاتوەکانی تاقیگە، بەلام لە گەرمیان ئەمە نیە.

بەرهەم ئەحمەد، کارمەندی کیمیایی بەشی تاقیگە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات کە تاقیگەکانی نەخۆشخانەکە هیچ سیستەمێکی تاقیگەیان تێدانیە و دەڵێت: "سیستەمی دروست کردنی تاقیگە پزیشکیاکانی گەرمیان بە پێی سیستەمی ستانداردی تاقیگە دروست نەکراون، چونکە دەبیت تاقیگە داخراو بێت (عازل) بێت بۆ ئەوەی بە دور بێت لە تیشکی خۆر و تەپوتۆز".

وتیشی: " نەخۆش نابێت بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ تاقیگە، بەلام لێرە نەخۆشەکان لە ژورەکانی تاقیگە نمونەیان لێوەر دەگیرێت ئەمەش تەواو نەگونجاوە لە گەڵ سیستەمی تاقیگە، بۆ نمونە ژوری تیبی بۆ شیکاری نەخۆشی سیلە، بەکتریای ئەم نەخۆشیە لە دوری (30) مەترەوە دەپەڕێت گەر کەسێک بەو دوریەوە لە نەخۆشەکە نزیک بێت ئەوا راستەوخۆ توشی هەمان نەخۆشی دەبێت بۆیە ئەتوانین بڵێن بینای تاقیگەی نەخۆشخانەکە سەقەتە و هیچ ستانداردێکی تاقیگەی تێدا نیە تەنانەت هی کۆنیش".

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وریا محەمەد، دەربارەی کێشەی تاقیگەی نەخۆشخانەکە باسیلەوەکرد: "لە شوێنی وەرگرتنی نمونەی خوێن کێشەمان نیە نەخۆش بێ ئەوەی بچێتە ژورەکان نمونەی خوێنی لێوەردەگیرێت، بەلام بەشەکانی تر کێشەی تێدایە چونکە نەخۆش لەم بەشانەیی تاقیگە دەچێتە ژورەکان، هیچ دورنیە منیش کە بۆ سەردان بچمە بەشەکان بۆ بەسەرکردنەوە توشی نەخۆشی ببم، ئەمە بۆ من وابێت بۆ سەرجەم کەسەکانی دیکەش کە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن زۆر راسترە هەروەها بۆ بەسالاچو و مناڵ زۆر خراپترە".

پاشەڕۆی مەوادەکان و نمونەکانی شیکاری نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان ڕۆدەکرێنە ئاوەڕۆی گشتیەوە لە بری سوتاندنیان لە کورەی تایبەت بە تاقیگە کە ئەمەش مەترسی هەیە لەسەر ژینگەی ئاوی ناوچەکە.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: "لە تاقیگە و نەخۆشخانەکەمان مەوادەکان ڕۆ دەکرێتە ئاوەڕۆی گشتی چونکە ئاوەرۆی تایبەت بە تەندروستی نیە و تێکەڵە بە ئاوەڕۆی گشتی".

بەکر مەحمود، کارمەندی بایۆکیمستری بەشی تاقیگە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بەهەمان شێوە ئاماژەی بۆ خراپی تاقیگەکەیان کرد و وتی: "پاشماوەی مەوادەکان و نمونەی نەخۆشیەکان لە بری سوتانیان لە کورەی تایبەتی تاقیگە، لێرە رۆدەکرێنە ئاوەڕۆی گشتیەوە لەبەر نەبونی کورە لە تاقیگەکانمان دا".

دەربارەی رێگری لە مەترسیەکانی جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، گۆران محەمەد، دەڵێت: "دەتوانرێت رێگری لێبکرێت بە دروست کردنی ئاوەڕۆی تایبەت بە نەخۆشخانەکان، هەروەها دابینکردنی کورەی سوتێنەر( محرقه) بۆ سوتاندنی کەرەستەکانی تاقیگە پاش بەکارهێنانیان، بەڵام بەداخەوە لە کەلار نیە".

## 7. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی بینا لە گەرمیان.

بەشێکی زۆری بیناکانی تەندروستی لە گەرمیان لە ماوەکانی پێشوتردا دروستکراون و کۆنن، لە ئێستادا لە گەڵ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە و ئەو بەشانەی لە بیناکاندا هەیە گونجاو نیە و بەرێوبەری تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت: ئەو بینایانە سالآنی پێشو دروست کراوە بە هیچ شێوەیەک خەملآندن و هەڵسەنگاندنی زانستیانەی بۆ نەکراوە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "ئەو بینا تەندروستیانەی کە هەیە لەسەر ئاستی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان بە پێی پێویستی ناوچەکە نیە، ئەو بینایانەشی سالآنی پێشو دروست کراون بە هیچ شێوەیەک خەملآندن و هەڵسەنگاندنی زانستیانەیان بۆ نەکراوە، کە بە پێی فراوانبونی ناوچەکە و زیادبونی دانیشتوانی دروست بکرێت".

دەربارەی دروستکردنی بینای تەندروستی لە بەرنامەی کارەکانیاندا، وتی: "کاری دروستکردنی بینا لە ئێستادا تەنها یەک تاقیگەیە ئەویش تاقیگەی ناوەندییە (مختبر مركزي) لە قەزای کفری، کارەکانی دروستکردنیشی تەواو بوە تەنها هەندێک کێشەی کارەبای ماوە، لەم سالآنەی دوایدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ پرۆژەیەکی دروستکردنی بینامان نەبوە".

وتیشی: "بە پێی پێویستی لە ئێستادا کەلار پێویستی بە نەخۆشخانەی (200) قەرەوێڵەییە لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی (100) قەرەوێڵەیی بۆ منالآن".

سەبارەت بە کارکردن لە هەردو نەخۆشخانەی (100) قەرەوێڵەیی مناڵان و نەخۆشخانەی تایبەت بەددان لە کەلار، دەڵێت: " پرۆژەی دروستکردنی ئەم دو نەخۆشخانەیە سەربە ئێمە نیە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران و ئیدارەی گەرمیانە، نەخۆشخانەی منالآنەکە لە (2014)ەوە کارکردن تێیدا وەستاوە تاوەکو ئێستا دەستنەکراوەتەوە بە کارکردن تێیدا".

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە کەلار بینای نیە، بۆ رایکردنی کارەکانیشی لە نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب دەوام دەکەن.

لەم بارەیەوە د. سیروان محەمەد، دەڵێت: "بینای بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخان دروست کراوە لەبەر ئەوەی پێشوتر بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخان بوە".

وتیشی: "لە کاتێکیشدا بیناکە دروستکراوە کاتی گواستنەوەی دەزگاکان بوە بۆ ناو شاری کەلار پێشیان وتراوە لەوێ دروست نەکرێت، بەڵام هەر لەوێ دروست کراوە، بۆیە ئێستا بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان هیچ بینایەکی نیە لە کەلار کە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بچوکە، ئەگەر بەڕێوبەرایەتیش لە بیناکەیان نەمێنین هەربچوکە".

سەرباری نارێکی لە سیستەمی دروستکردنی بینا تەندروستیەکان و نەگونجاویان لەگەڵ کارەکانی نەخۆشخانەکان، د. سیروان محەمەد، باسلەوەدەکات لە وەزارەتی تەندروستی یاسای تایبەت هەیە بەدروستکردنی بینای نەخۆشخانەو مەڵبەندەکان "هەر بینایەکی تەندروستی دروست بکرێت دەبێت ئەندازیاری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی تێدابێت، کۆمەڵێک مەرج و رێنمایی وەزارەتی تەندروستی هەیە کە هەر نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەیەکی تەندروستی دروست بکرێت دەبێت ئەو پێوەرانەی تێدابێت، بەڵام بۆ بیناکانی کە پێشتر دروست کراوە ئاگەدارنیم بۆیان کراوە یاخود نا".

سەبارەت بە بنکە تەندروستیەکانیش وتی:" بنکەی تەندروستی بۆ شوێنێکە کە ژمارەی دانیشتوانی کەمە، بنکە پزیشکی تێدانیە تاقیگەی تێدا نیە، هەندێک شتی سەرەتایی لە برینپێچی و تەداوی تێدا دەکرێت".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. هەوڵبدرێت بۆ دوبارە کارکردنەوە لە پرۆژە وەستاوەکانی دروستکردنی هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی (100) قەرەویڵەی تایبەت بە منالان و نەخۆشخانەی تایبەتی ددان، کە هەریەکەیان ماوەی شەش ساڵە دەست بە دروستکردنیان کراوە، بەتەواو بونی ئەم دو نەخۆشخانەیە کاریگەریەکی باش دروست دەبێت لەسەر رەوشی بینای تەندروستی لە گەرمیان و بەتایبەت کەلار.

2. چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ژمارەیەکی زۆر نەخۆش رو لەو بەشە دەکات و ئاستەنگی زۆری بۆ هاوڵاتیان دروستکردوە.

3. دروستکردن یاخود نوژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی بەشی راوێژکاری بۆ نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری چونکە بیناکە کۆنە و بەشێکی زۆری مەرج و پێداویستیەکانی تێدا نیە.

4. کردنەوەی مەڵبەندێکی (24) کاتژمێری لە سەنتەری شاری کەلار بۆ کەمکردنەوەی ئەو قورساییە زۆرەی لە پاش دەوامی فەرمیەوە دەکەوێتە سەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار.

5. نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب تاکە نەخۆشخانەی ژنان و منالبونە لە گەرمیان، بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکە بتوانێت کەمترین نەخۆشی بنێردرێتە دەرەوەی گەرمیان پێویستی بە بەشی فریاکەوتنە لە نەخۆشخانەکە هەروەها دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ ئەوبەشە بەمەش نەخۆشخانەکە دەورێکی زۆر باشتر دەبینێت لە ناوچەکە.

6. چاککردن و نۆژەنکردنەوەی مەڵبەندە تەندروستیەکان لەگەڵ زیادکردنی ئەو بەشانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی قورسایی لەسەر نەخۆشخانەکان کەمبێتەوە.

7. هەوڵی دروست کردنی کۆگایەکی تەندروست بدرێت لە هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی شەهید شێرەی نەقیب و شەهید هەژار بۆ ئەوەی ئەو برە دەرمانەی بۆیان دێت بە شێوەیەکی تەندروست بپارێزرێت.

8. گواستنەوەی بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان کە بەشێکی زۆری نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب بەکارهێنراوە بۆ ئەو بەرێوبەرایەتیە کە ئەمەش بە تەواوی نەخۆشخانەکەی بەرتەسک کردوەتەوە.

9. رێژەی سەوزایی بینا تەندروستیەکان بە گوێرەی پێویست نیە، یاخود هیچ رێژەیەکیان نیە، هەوڵی زیادکردنی رێژەی سەوزایی بدرێت لە بینا تەندروستیەکان.

10. تاقیگەکانی گەرمیان سیستەمی تاقیگەی ستانداردیان نیە چ لە دیزاینی دروستکردنی ژورەکانیان یاخود ئاوەڕۆکانیان، بۆ چارەسەرکردنیشی هەوڵبدرێت کورەی تایبەت بۆ سوتاندنی پاشماوەکان و سامپڵەکان دابینبکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان.

11. پرسگە یەکێکە لە و بەشانەی کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە نەخۆشخانەکان بەتایبەت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، چونکە لە روداوە کتوپرەکان خەڵکێکی زۆر روی تێدەکات بەمەش دەبیت پرسگەیەکی باش هەبیت لەم نەخۆشخانەیە، بەڵام نە خۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار ئەو پرسگەیەی هەیەتی تەنها کابینەیەکە، بۆیە پێویستە هەوڵی دروستکردنی پرسگەیەکی باش و گونجاو بدرێت بۆ نەخۆشخانەکەو بۆ رێکخستنی چونە ژورەوەی هاوڵاتیان.

12. سەنتەرەکان هیچ پەیوەندیەکی ئیداریان بە نەخۆشخانەوە نیە کەچی 4 سەنتەرەکەی گەرمیان لە ناو بینای نەخۆشخانەی گشتی کەلارن، بەمەش بونەتە هۆکاری قەرەباڵەغی و داگیرکردنی شوێنەکانیان لە نەخۆشخانەکە، بۆ چارەسەرکردن و باشترکردنیشی پێویستە بینای تایبەت لە دەروەی نەخۆشخانە بۆ دروستبکرێت.

13. ئەو بینایانەی دروستدەوکرێنت دەبێت ستانداری بینای پزیشکییان تێدا رەچاو بکرێت، هەمو بیناکانی سنورەکە تێبینییان لەسەر لەو روەوە، بۆیە بۆ پرۆژەکانی دجاهاتو دەبێت رەچاوی ئەو خاڵە بکرێت.

14. لە دروستکردنی بینادا، کارەکان دور مەودا نەکراون، بەوەی هەر بیر لە ئەمرۆ کراوەتەوەو پلان بۆ سبەی دانەنراوە، چونکە رێژەی سەردانیکەران تادێت زیاتر دەبێت و بیناکان ناتوانن ئەو زیادبونە وەرگرن. بۆ داهاتو دەبێت ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت.

## ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە

رێناس ساڵەح، دۆسیەی تەندروستی

بۆ پەیوەندی:

07702303676– 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org

ناونیشانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە وێبسایتی رادیۆی دەنگ:

http://radiodang.org/kod4it.aspx?kod4it=35